# رێکخراوی ئۆرکسترای لاوان

## 2021 /1/11

# ڕێکخراوی ئۆرکسترای لاوان

ڕێکخراوی ئۆرکسترای لاوانی یەکەمین ڕێکخراوی ئۆرکسترایە لە کوردستاندا کە موزیسیانە کوردە لاوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و دەرەوەی وڵات لەخۆدەگرێت, شان بەشانی هەندێك لە لاوە کەمەنەتەوە موزیسیانەکانی دانیشتوی هەرێمی کوردستان.

## ئەرك:

ڕێکخراوی ئۆرکێسترای لاوان هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی لاوە موزیسیانەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و هەر چوار پارچەی کوردستان بەگشتی و کوردانی دەرەوەی وڵات, شانبەشانی هەندێك لە لاوە کەمەنەتەوە موزیسیانەکانی دانیشتوی هەرێمی کوردستان,سەرەڕای جیاوازی ئاین و نەتەوە و بیرکردنەوە, بەمەبەستی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی گیانی خۆشەویستی, لێبوردن, یەکدی قبوڵکردن. هەروەها پیشاندانی کوردستان وەك خاکی ئاشتی و ئارامی و پێکەوە ژیان لەڕێگەی موزیکەوە.

## ئامانج:

وەك دەزانین سیستمی پەروەردەی موزیك لە کوردستان بەراورد بەڕۆژئاوا لە ئاستی پێویستدا نیە, زۆرێك لە لاوان دوا بەدوای وەرگرتنیان لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئامێر هەڵدەبژێرن, بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژئاوا منداڵ لە تەمەنەکانی سێ بۆ پێنج ساڵیەوە دەخرێتە بەر فێربونی وانەی موزیك. هەروەها نەتەوەکەمان بە درێژای مێژوو ڕووبەڕووی هەموو جۆرە فشارێکی دەرونی و مادی و جەستەیی بۆتە وە و گرنگترینیشیان لایەنی کلتوری و هونەریە, کە بە ئێستاشەوە نەیارانی نەتەوەکەمان کار لەسە بەلاڕێبردن و کپ کردنی دەکەن, بەتایبەتیش هونەری موزیك و گۆرانی. هەربۆیە ئامانجە کانمان بریتین لە:

1 – کاری ئۆرکێسترا ( ئامانجی سەرەکی ):

ا- پێشخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی موزیکی لە لایەنەکانی زانیاری,تەکنیکی, پەروەردەیی,و پابەندبون, بۆ نزیکەی شەست بەشدار بوو لەهەر پرۆگرامێکدا.

مافی کۆپی کردن و بەکارهێنانی پارێزراوە بۆ هەر مەبەستێک

ب - هەبونی ئۆركێسترایەك بۆ نوێنەرایەتی كردنی موزیك و كلتوری كوردی هەروەك زۆرێك لە نەتەوەكانی جیهان, پاشان سازدان و گێڕانی كۆنسێرت لە ناوەوەو دەرەوەی كوردستان بە ئاما نجی خۆ ناساندن و دروستكردنی پەیوەندی كلتوری. 2 – كاری موزیكی گشتی :

ا- ڕێكخستن و ئەنجامدانی سیمینار,كۆنسێرت, ماستەركڵاس لە ناوو دەرەوەی ناوەندە هونەری و موزیكیەكان بۆ موزیسیانە لاوەكان بە مەبەستی پێشخستن و بەرزكردنەوەی ئاستی موزیكی لە لایەنەكانی زانیاری,تەكنیكی, پەروەردەیی .

ب- هەوڵدان بۆ دروستكردنی پردی كلتوری موزیسیانە كوردە لاوەكان بە پارچە جیاوازیەكانی كوردستان و موزیسیانانی جیهان و كارئاسانی كردن بۆ بانگەشە بۆ دەرەوە و هێنانی میوانی بیانی.

ج- هاوكاری كردنی موزیسیانە لاوەكان بۆ بەشداری كردن لە فیستیڤاڵ, ماستەركڵاس, وۆركشۆپ,ئۆركێسترا كانی دەرەوە و ناساندنیان بە جیهان.

د. دروستكردنی پردی پەیوەندی لەنێوان گروپە ناوخۆیە موزیكیەكان بە ڕێكخراو و گروپ و كەسایەتیە هونەریە ناسراو و جیهانیەكان.

ه- هاوكاریكردنی دەرچووانی زانكۆ و پەیمانگا موزیكیەكانی كوردستان بەتایبەتی بەهرەمەندان بۆ پشتگیری و پێشخستنی تواناكانیان.

لۆگۆ:

بەشێوەیەكی گشتی شێوەی لۆگۆكە بازنەییە كە وەك ئامڕازێكە بۆ بەردەوامی. بە پشت بەستن بە بەكارهێنانی ڕنگەكانی ئاڵای كوردستان لەلای بەشی چەپ, و بەكارهێنانی نۆتەیەكی كرۆش لە لای بەشی ڕاست بازنەكە تەواو دەبێت. ناوەندی

مافی كۆپی كردن و بەكارهێنانی پارێزراوە بۆ هەر مەبەستێك

بازنەکە کە خودی ناو نۆتە کرۆشەکەیە, وەك خۆر یش وێنا دەنوێنێت,کە هەمان مانای بەردەوامی و نەسرەوتن و گەشەسەندن دەبینێت.

(کاری ئۆرکێسترا)

**بەشداربوانی ئۆرکێسترا :**

1 - هەر کوردێکی نێوان 13-29 ساڵ.

2 - هەر لاوێکی نێوان 16-29 ساڵ کە لەڕێگەی دایکوباوکی یان باوانیانەوە کوردن.

3 - هەر لاوێکی نێوان 16-29 جیاواز لە ڕەگەزی کورد کە دانیشتوی هەرێمی کوردستان و کەرکوك و موسڵە.

**وەرگرتن وئامادەکاریەکانی پێش ڕاهێنان و کۆنسێرت :**

1 - ئۆرکێسترا بەردەوام چالاکی دەبێت و کۆدەبێتەوە.

2 - پرۆسەی پێشکەشکردن بە ئۆنلاین دەبێت بەهۆی ئاسانکاری بۆ بەشداربووان.

3 - پاش پێشکەشکردن, ئۆرکێسترا دەستدەکات بە ناردنی نۆتەی چەند پارچە موزیکێك. لەسەر پێشکەشکار پێویستە ڕاهێنانی تێدا بکات و ڕیکۆردییکات و بیگێڕێتەوە بۆ ئۆرکێسترا.

4 - دوابەدوای گەیشتنەوەی پارچە ڤیدۆکان, لەلایەن کۆمەڵێك مامۆستای بەتوانای ناوخۆو بیانی, بەتایبەت مامۆستاو موزیسیانانی وڵاتی ئەڵمانیا باشترینەکان هەڵدەبژێردرێن, پاشان بە لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و ناوچەگەرایەتی. لە پاشان ناوەکان بڵاودەکرێتەوە.

5 - لەگەڵ بڵاوکلادنەوەی ناوەکان, ئۆرکێسترا دەستدەکات بە ناردنی نۆتەی ئەو پارچە موزیکانەی کە لە پلاندان بژەنرێت بۆ موزیسیانە وەرگیراوەکان بە ئامانجی ڕاهێنان کردن.

6 - لە کاتی گونجاودا (بۆ ئامادەکردنی کۆنسێرت ) پلان ی تایبەت و وردتر ئامادەدەکرێت و سەرجەم ستافی ئۆرکێسترا (دەستەی کارگێری ,مامۆستا هونەریەکان,ڕابەری ئۆرکێسترا,ژەنیارە لاوە وەرگیراوەکان) کۆدەبنەوە.

مافی کۆپی کردن و بەکارهێنانی پارێزراوە بۆ هەر مەبەستێک

## تێبینی:

لەکاتی نەبونی ژەنیاری پێویستدا, بەتایبەت ئامێرە فودارەکان, ئۆرکێسترا کار بۆهێنانی ژەنیاری بیانی دەکات.

## پرۆگرامی کۆنسێرت:

پرۆگرامی کۆنسێرت بەشێوەیەکی گشتی ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت

1- کارێکی سیمفۆنی جیهانی.

2- دوو کاری موزیکی نوێ لەلایەن دوو موزیك دانەری کورد.

3- چەند پارچە موزیکێکی کورتی جیهانی پشت بەستن بە ماوەی کورتو درێژی کۆنسێرتەکە. هەروەها لە ئەگەری سەردانی کردنی ئۆرکێسترا بۆ هەر وڵاتێکی دەرەوە, کار بۆ ژەندنی موزیکێکی موزیکدانەری وڵاتی میوان دەکرێت.

4- پارچە موزیکێکی موزیك دانەرێکی لاو 3-5 خولەك. هەمو ساڵێك ئۆرکێسترا چەندین جار کێبڕکێ ڕێکدەخات بۆ موزیك دانـــــەرە لاوەکان. لەگەڵ ئەوەی براوە موزیکەکەی دەژەنرێت, چانسی وەرگرتنی چەند وانەیەکی موزیکدانانیشی ئەبێت.

5- کاری موزیکی کوردی و جیهانی بۆ سۆلۆی دەنگ یاخود ئامێر, لە بەجێهێنانی میوانی ناوخۆی یاخود جیهانی.

مافی کۆپی کردن و بەکارهێنانی پارێزراوە بۆ هەر مەبەستێک

## كۆنسێــرت و شــوێــنـگــەی ڕاهێنان:

- نوسینگەی سەرەکی بۆ کارە کارگێڕیەکان لە شاری سلێمانی دەبێت, و لە داهاتودا کار بۆ کردنەوەی لق لە شارو ناوچە جیاوازەکانی دیکە دەکرێت.

- ئۆرکێسترا بە بەردەوامی کۆدەبێتەوە و هەرجارەی لەشوێنێك, بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی ئۆرکێسترا بە فراوانی و گەیشتن بە زۆرترین بینەر لەڕێگەی کۆنسێرتی سەرەکی و چالاکیەکانیەوە. لەوانەش پێشکەشکردنی کۆنسێرتی پەروەردەی لە قوتابخانە, خەستەخانە, خەڵوەتگەی پیــری, لەگەڵ فـلاش مـۆب.

## داهات و سپۆنسەر

ڕێکخراوی ئۆرکێسترای لاوان ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆیە و هیچ جۆرە سەرچاوەیەکی دارای و ئابوری نیە, هەموو جۆرە هاوکاریەك بەرز دەنرخێنین چ لەسەر ئاستی تاکەکەسی یاخود ڕێکخراو و کۆمپانیاکان.

هەر هاوکاریەکی دارای لەبەشی سپۆنسەر ناوزەند دەکرێن .

بەهاوکاری و پشتگیریەکانتان دەتوانین بەردەوامبین لە خزمەتکردنی لاوە موزیسیانەکانمان.

بۆ گەیاندنی هاوکاریەکانتان تکایە بەم ڕێگایانەوە پەیوەندیمان پێوە بکەن:

- (+964) 07701586387
- (+964) 07701591415
- (+964) 07701321868
- ba_cello@yahoo.com
- yoo.krd@gmail.com

مافی کۆپی کردن و بەکارهێنانی پارێزراوە بۆ هەر مەبەستێک